حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی شارەوانی گەشت و گوزار
دەستەی گشتی گەشت و گوزار

# ڕێبەری هۆشیاری سوودمەندان

## خزمەتگوزاری دەرهێنانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری بۆ (کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە)ی گەشتیاری

رێبەری هۆشیاری سوودمەندان

## خزمەتگوزاری دەرهێنانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری بۆ (کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە)ی گەشتیاری

**هاوڵاتی بەرێز:-**

**ئەم رێبەرە گرینگی تایبەتی هەیە بۆ تۆی هاوڵاتی بەرێز وە کارئاسانییەکی باشت بۆ دەکات بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانت بەباشی بەرێوەبچێت هەروەکو ئاشکرایە پێشووتر بەهۆی نەبوونی رێبەر چەندین جار تۆی هاوڵاتی تووشی کێشە و گرفت بوویت لە کاتی دەرهێنانی مۆڵەتی گەشتیاری بۆ (کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە) گەشتیارییەکەت بە هۆی نەزانینی ئەو بەڵگەنامانەی چین کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی کارەکەت لە قۆناغە جیاوازەکاندا .**

**دەستەی گشتی گەشت و گوزار بەردەوام هەوڵی داوە کە خزمەتگوزارییەکانی لە ئاست رەزامەندی ئێوەی هاوڵاتیان دابێت، هەر بۆیە بەردەوام لە کارئاسانی دابووە بۆ بەرێوەچوونی ئیش و کارەکانی هاوڵاتیان وەرگرتنی ڕاو سەرنجیان و پێشنیارەکانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەزامەندی سوودمەندانی دەستەی گشت و گوزار.**

**لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە هەوڵەکان چڕ کراونەوە بۆ دروست کردنی ئەم رێبەرە کە تایبەتە بە " دەرهێنانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری بۆ (کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە)ی گەشتیاری" کە تیادا ڕوونکردنەوەی تەواو دەربارەی قۆناغەکانی ئەم پرۆسەیە، ئەم رێبەرە یاریدەدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان و دەست خستنی زانیاری لەسەر پرۆسەکە .**

**هاوڵاتی بەرێز لەکاتی بوونی هەر کیشە و گرفتێک کە دێتە پێش کارەکەت یان هەر تێبینی و پێشنیارێك، دەتوانی پەیوەندی بە ئێمەوە بکەی لە ڕێگای ئەم خاڵانەی خوارەوە:-**

*** سندوقی سکاڵای دیوانی دەستەی گشتی گەشت و کوزار، هەر سکاڵایەکت هەبوو دەتوانی بینووسی و بیخەیتە ناو سندوقی سکاڵا .**

*** فۆرمی تایبەت بە هاوڵاتیان لە پرسگەی دیوانی دەستەی گشتی گەشت و گوزار پڕ بکەیتەوە و ئەگەر هەر رەخنە یان تێبینی یەکتان هەیە دەتوانن لە فۆرمەکە بنووسن.**

*** پەیوەندی بە ئیمێلی دەستە بکەن ( info@bot.gov.krd ) لە کاتی بوونی هەر پرسیار یان پێشنیار یان راو و بۆچوونێك.**

## ڕێبەری هۆشیاری سوودمەندان

*** ژمارە تەلەفۆنی بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی جۆری لە دیوانی دەستە ( 07518749522 -0662562548).**

*** تۆڕی کۆمەڵایەتی (Facebook) دەستەی گشتی گەشت و گوزار.**

**هاوڵاتی بەرێز بۆ وەرگرتنی زۆرترین زانیاری لە بارەی شوێن و بنکە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەم ماڵپەرە ئەلیکترۆنیە بکەن (www.bot.gov.krd).**

| قۆناغ | ناوەڕۆکی قۆناغ | بەڵگەنامە داواکراوەکان(پێویستییەکان) |
|---|---|---|
| *1* | ***پێشکەش کردنی داواکاری:-***<br><br>هاوڵاتی بەڕێز دەتوانی داواکاریەکەت پێشکەش بکەیت بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە بەشی مۆڵەتی گەشتیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزاری پارێزگاکەت، وهەموو بەڵگانامەکانی داواکراو دەبی هاوپێچ بکرێت لەگەڵ فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت واتا داوکارییەکەت پێشکەش مەکە تاکو هەموو بەڵگەنامەکانی دواکاراو تەواو بێت. | * فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری.<br>* بڕوانامەی تۆماری کومپانیا.<br>* وێنەیەك لە گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیا.<br>* ڕەزامەندی ژووری بازرگانی لەسەر ناوی (کۆمپانیا / نووسینگە/ وەکالە )ی گەشتیاری .<br>* ڕەزامەندی ئاسایش.<br>* گرێ بەستی کرێ یان وێنەی تۆماری مولکیەتی شوێنی کارکردن.<br>* پشتگیری هونەری لە کۆمەڵەی کۆمپانیاکانی گەشت وگوزاری هەرێمی کوردستان.<br>* وێنەیەك لە مانەوە( الاقامە) لە کاتێك خاوەن کۆمپانیا بیانی بێت.<br>* سی ڤی بەڕێوەبەری ڕێپێدراو وبەڵێنامەی کە دەوام ناکات لە هیچ دام ودەزگایەکی میری.<br>* پاکێجی گەشتیاری ( بە لایەنی کەم لە پێنج پاکێج کەمتر نەبێت لە کاتی هێنانی گەشتیار لە دەرەوەی وڵات).<br>* بەڵێنامە بە پێدانی زانیاری تەواو لەسەر کومپانیا و پڕۆگرامەکانی بە فەرمانگەی پەیوەندیدار. |
| *2* | ***ناردنی داواکاریەکەت بۆ لێژنەی پۆلین کردنی شوێنی کارکردنی (کۆمپانیا / نووسینگە/ وەکالە ) و بەشی مۆڵەت :-***<br><br>لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی داواکاریەکەت لێ وەردەگیرێت وە لە تۆماری هاتوو دەنووسرێت وژمارەی پێ دەدرێت وە دەدرێتە بەڕێوەبەری گشتی بۆ ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاری / لێژنەی پۆلین کردنی شوێنی کارکردنی (کۆمپانیا / نووسینگە/ وەکالە ) و بەشی مۆڵەت بەمەبەستی دەست پێکردنی کارەکانی پێوست بۆ پێدانی مۆڵەتی کارکردنەکەت. | * تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (**1**). |
| *3* | ***سەردانی کردنی شوێنی (کۆمپانیا / نووسینگە/ وەکالە ) ی گەشتیاری:-***<br><br>سەردانی کردنی شوێنی (کۆمپانیا / نووسینگە/ وەکالە ) گەشتیاریەکەت دەکرێت لەلایەن لێژنەی پۆلین لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزاری پارێزگاکەت بە هەماهەنگی لەگەڵتان وە فۆرمی تایبەت بە پۆلین کردنی شوێنەکە پڕ دەکرێت لەگەڵ وێنە گرتنی بنکەکەت بۆ دێکۆمێنت کردن. | * فۆڕمی پۆلین کردنی شوێنی کارکردنی ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە ).<br>* ڕێنمایەکانی تایبەت بە پۆلینی شوێنەکە( كشف الموقع) .<br>* ئامێرەی وێنە گرتن ( کامێرە). |

| | | |
|---|---|---|
| **4** | *ووردبینی کردنی بەڵگەنامەکان :-*<br><br>- بەڕێوەبەری کاروباری گەشتیاری هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی پلان وبەرنامەی ساڵانە و پاکێجەکان ئەوانەی پێشکەشت کرد لەگەڵ داواکارییەکەت و ووردبین کردنی ڕاپۆرتی پشکنینی شوێنی (کۆمپانیا/ نووسینگە / وەکالە )ی گەشتیاری.<br><br>- هەموو بەڵگەنامەکانت ووردبینی دەکرێت لەلایەن بەشی مۆڵەت و فۆرمی هەڵسەنگاندنی داواکاری پێدانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری بۆ (کۆمپانیا / نووسینگە/ وەکالە ) گەشتیاریەکەت پڕ دەکرێتەوە، وە لەکاتی هەبوونی کەم و کوری لە بەڵگەنامەکان، تۆی خاوەن بنکە ئاگادار دەکرێتەوە بە مەبەستی تەواو کردنیان. | * فۆرمی هەڵسەنگاندنی داواکاری پێدانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری.<br>* فۆرمی پۆلین کردنی شوێنی کارکردنی ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە ).<br>* تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (**1**). |
| **5** | *بڕیاری کۆتایی:-*<br><br>سەرۆکی بەشی مۆڵەت ڕای خۆی دەدات بە پێدان یان پێنەدانی مۆڵەت و واژوو دەکات لەسەر فۆرمی هەڵسەنگاندنی داواکاریەکە و دوای ئەوە فۆرمەکە بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی. | * تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (**4**). |
| **6** | *ڕایی بەڕێوەبەری گشتی :-*<br><br>بینینی هەموو بەرایییەکان لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی وە لەکاتی نەبوونی هیچ تێبینیەك واژوو دەکات لەسەر فۆرمی هەڵسەنگاندنی داواکاری پێدانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری وە ئەگەر هاتوو تێبینی هەبوو دەگەڕێندرێتەوە بۆ بەشی مۆڵەت بۆ ڕاست کردنەوەی. | * تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (**4**). |
| **7** | *دەرکردنی فەرمانی کارگێری:-*<br><br>فەرمانی کارگێری دەردەچێت بۆ (کۆمپانیا / نووسینگە/ وەکالە )کەت بە واژووی بەڕێوەبەری گشتی. | * فۆرمی هەڵسەنگاندنی داواکاری پێدانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری(واژوو کراو لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی). |
| **8** | *دانی ڕسومات لەلایەن خاوەنی ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە )ی گەشتیاری:-*<br><br>هاوڵاتی بەڕێز پێویستە ڕسوماتی دیاری کراو بدەیت لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری، دوای ئەوە پشتگیریت پێدەدرێت بۆ بەشی مۆڵەت بە وەرگرتنی هەموو ڕسوماتی دیاری کراو وە وەرگرتنی هەموو قەرزەکانت وە سزا ی بنکە گەشتیارییەکەت (ئەگەر هەبوو). | * ڕسوماتی دیاریکراو.<br>* * فۆرمی هەڵسەنگاندنی داواکاری پێدانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری (واژوو کراو لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی).<br>* دەستەبەری بانکی لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.<br>* فەرمانی کارگێری. |

## رێبەری هۆشیاری سوودمەندان

| | | |
|---|---|---|
| **9** | ***ئامادەکردنی مۆڵەت و واژووی بەڕێوەبەری گشتی لەسەر مۆڵەتەکە:-***<br><br>- ئامادە کردنی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاریەکەت بە واژووی بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆکی دەستەی گشتی گەشت و گوزار لەلایەن بەشی مۆڵەت .<br>- واژوو کردنی بەڕێوەبەری گشتی لەسەر مۆڵەتی کارکردنت وە لە کاتی هەبوونی هەر تێبینیەك دەگەرێندرێتەوە بۆ بەشی مۆڵەت بۆ ڕاست کردنەوەی. | * پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بە وەرگرتنی رسومات لە خاوەنی ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە )ی گەشتیاری.<br>* فۆرمی هەڵسەنگاندنی داواکاری پێدانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری(واژوو کراو لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی).<br>* فەرمانی کارگێری.<br>* دەستەبەری بانکی لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم. |
| **10** | ***ناردنی مۆڵەتەکە لەگەڵ هەموو بەراییەکان بۆ دیوانی دەستەی گەشت و گوزار:-***<br><br>مۆڵەتی کارکردنت دوای واژوو کردنی بەڕێوەبەری گشتی لەسەری دەنێردرێت بۆ دیوانی دەستەی گشتی گەشت وگوزار بە نووسراوی فەرمی لەگەڵ هەموو بەراییەکان بۆ واژوو کردنی سەرۆکی دەستە لەسەری. | * تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (**1**).<br>* فۆرمی پۆلین کردنی شوێنی کارکردنی ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە ).<br>* پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بە وەرگرتنی رسومات لە خاوەنی ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە )ی گەشتیاری.<br>* فۆرمی هەڵسەنگاندنی داواکاری پێدانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری(واژوو کراو لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی).<br>* فەرمانی کارگێری.<br>* دەستەبەری بانکی لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.<br>* مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری ( واژوو کراو لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی). |
| **11** | ***ووردبین کردنی بەراییەکان:-***<br><br>بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاری لە دیوانی دەستە هەڵدەستێت بە ووردبین کردنی ئەو بەراییانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووە و فۆرمی تایبەت بەم مەبەستە پڕ دەکرێت. | * فۆرمی دڵنیابوون لە بەڵگەنامە وداتاکانی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری بۆ ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە ).<br>* تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (**1**).<br>* فۆرمی پۆلین کردنی شوێنی کارکردنی ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە ).<br>* پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بە وەرگرتنی رسومات لە خاوەنی ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە )ی گەشتیاری.<br>* * فۆرمی هەڵسەنگاندنی داواکاری پێدانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری(واژوو کراو لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی).<br>* فەرمانی کارگێری.<br>* دەستەبەری بانکی لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.<br>* مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری ( واژوو کراو لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی). |

## ڕێبەری هۆشیاری سوودمەندان

| | | |
|---|---|---|
| 12 | ***واژووی سەرۆکی دەستە لەسەر مۆڵەتەکە:-***<br><br>- واژوو کردنی سەرۆکی دەستەی گشتی گەشت و گوزار لەسەر مۆڵەتی کارکردنت . | * فۆرمی دڵنیابوون لە بەڵگەنامە وداتاکانی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری بۆ ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە ).<br>* تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (**1**).<br>* فۆرمی پۆلین کردنی شوێنی کارکردنی ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە ).<br>* پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بە وەرگرتنی رسومات لە خاوەنی ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە )ی گەشتیاری.<br>* فۆرمی هەڵسەنگاندنی داواکاری نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری(واژوو کراو لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی).<br>* فەرمانی کارگێری.<br>* دەستەبەری بانکی لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.<br>* مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری ( واژوو کراو لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی). |
| 13 | ***دانانی ژمارەی بۆ مۆڵەت:-***<br><br>مۆڵەتەکەت مۆر دەکرێت لە پاش واژووکردنی سەرۆکی دەستە لەسەری و ژمارەی بۆ دادەنرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاری لە دیوانی دەستە وە دەنێردرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندیدار بە نووسراوێکی فەرمی بە واژووی بەڕێوەبەری کاروباری گەشتیاری. | * مۆڵەتی کارکردن (واژوو کراو لەلایەن سەرۆکی دەستە).<br>* هەموو بەراییەکان. |
| 14 | ***داخستنی دۆسیە:-***<br><br>داخستنی دۆسیەکەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە لایەن بەشی مۆڵەت وپێدانی مۆڵەتی رەسەن بە تۆی خاوەنی ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە )ی گەشتیاری. | * تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (**13**). |
| 15 | ***پشکنینی کارەکانی( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە )ی گەشتیاری:-***<br><br>پشکنینی وەرزی دەکرێت بۆ کارەکانی ( کۆمپانیا، نووسینگە، وەکالە)کەت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پشکنین بەپێی فۆرمی تایبەت ، وێنەیەك لە ڕاپۆرتەکان دەنێردرێت بۆ بەشی مۆڵەت و بە نووسراوی فەرمی بەرز دەکرێت بۆ دیوانی دەستەی گشتی گەشت وگوزار. | * فۆرمی پشکنینی کارەکانی ( کۆمپانیا / نووسینگە / وەکالە )ی گەشتیاری. |